Bytyn ölkələrin proletarları, birləsin!
SOVET KYRDYSTAN
VIII-
Lacьn
10 fe
qomitetlərinin o
1938-çi il № 8 (
SSRI Birinçi Çaqırьş Ba
Ittifaq Sovetinin
Informasij
Janvarьn 17-də
Qremldə, Ittifaq Sovetinin içlas zalьnda Ittifaq Sovetinin və Millətlər Sovetinin ikinçi birgə içlasь olmuşdur.
İçlasa Millətlər Sovetinin Sədri N. M. Şverniq sədrlik etmişdir.
SSRI Baş Soveti, birgə içlasьn myzakirə məsələlərinin 5-çi bəndinə—depu
rьn öz deputat vəzifələrini
lərl ilə əlaqədar xərçlərinl
sələsinə həmin
masь təkliflni qəbul etmişdi
veti, deputat P. Oj.
aşaqьdakь qərarь qəbul
1. SSRI Baş Soveti deputatlarь üçün, öz deputatlьx vəzifələrini lərinə ietirmələri

رۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان

بیبلۆگرافیا و شرۆڤە

فەخرەدین تاهیر

42789
نی خەندان بۆ پەحش و وەشاندن
هەولێر ٢٠٠٠

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

* ناوی کتێب: ڕۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان
* ناوی نووسەر: فەخرەدین تاهیر
* چاپی یەکەم هەولێر
* دیزاین و بەرگ: نووسینگەی گۆڤار
* تایپ وئەرشیف وهەڵەچن: نووسەر
* چاپخانە: چاپخانەی شڤان
* زنجیرە (٨) لەبڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێرست

١-پێشەکی
٢-بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەهەندەران ١٩٤٩-٢٠٠٢
٣-بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەهەندەران (ڕاستکردنەوە وبە دواداچوون)
٤-بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەتورکیا لەنێوان دووڕیانی نازادی و تەنگژەدا.. !!
٥-ڕۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان وموژدەیەک
٦- ڕۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان و بەدواداچوونێک
٧-پێشانگای ڕۆژنامەگەریی کوردیی هەندەران لەهەولێر
٨-بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە باکووری کوردستان و لەتورکیادا

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەهەندەران بەچەند قۆناخێکی گرنگ وبەرچاو تێپەڕیوە وهەر قۆناخێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەڵام ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا دەخوێننەوە زێدەتر خۆی لەبیبلۆگرافیا وشرۆڤەکردن دەبینێتەوە. چونکە بابەتەکان لەماوەی چەند ساڵێکدا نووسراون و لەگۆڤاروڕۆژنامە کوردییەکانی ناوەوەی کوردستان وهەروا چەند بابەتێکیشیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە. بێگومان من بەپێویستم زانی کەلەدەستپێک ئەم بابەتانە لەتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا کۆبکەمەوەوبەچاپی بگەیێنم، دواتر بیر لەنووسینەوەی ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردیی هەندەران بکەمەوە کەخۆی زێدەتر لە (٧٠٠) ناوونیشان دەدات، هەوڵدەدەم لە ئایندەیەکی نزیکدا بەچاپی بگەیێنم.

ئەوەی شیاوی گوتنە ئەرشیف کردن وکۆکردنەوەی ئەم هەموو گۆڤاروڕۆژنامە وبڵاڤۆکانەی لە تەواوی هەندەران کەبەشێکی هەرە زۆریانم بەئۆرگینالْ بەدەستخستووە وئەوانی دیکەش تەنیا لاپەڕەی یەکەمیانم بەدەستخستووە یان زانیاریم لەسەریان بەڕاپرس بەددستکەوتووە.

هەڵبەتە لەم کتێبەدا چەند بابەتێک دەخوێننەوە، لەوانەیە لەهەندێکیاندا ناوی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەوبڵاڤۆکێک دوبارە بوونەتەوە، ئەمەشیان بەگوێرەی نووسینی بابەتەکە ئەوەی خواستووە

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

که بەم شێوەیە بێت. چونکە لەهەندێک بابەت دا ئەو ناوانەی ئامازەم پێداون تەنیا وەک بیبلۆگرافیایەک باسم لێوەکردوون ولەهەندێکی دیکەشیاندا بێجگە لەبیبلۆگرافیا شرۆڤەی گۆڤار یان ڕۆژنامەکەم بەدوور ودرێژی کردووە. ئەگەر لەم ڕووەوە لێکچوونێک یان دوبارەکردنەوەیەک بەرچاوتان کەوت، ئەمەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەبابەتەکان لەکات وزەمەنی جیادا نووسراون. یان دوبارە بوونەوەی ناوونیشانی هەندێکیان لەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێ بابەتێکم دەربارەی کۆمەڵێک چاپەمەنی کوردیی هەندەران نووسیوە، زانیاری وسەرچاوەکانی بەردەستم تێری نەکردووە، کە هەموو لایەنێکی ئەم گۆڤارورۆژنامانە بەسەربکەمەوە، بەڵام بە ماوەیەک دواتر هەندێک دانەی زیادی ئەوگۆڤار ورۆژنامانەم بەدەستخستووە یان زانیاری زێدەترم لەسەریان پەیدا کردووە، بۆیە دەبینین بابەتەکان بەزانیاری زیاترەوە دوبارە لەبابەتێکی دیکەی سەربەخۆدا نووسیومەتەوە.

بێگومان لەڵاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا کۆمەڵێک ناوونیشانی گۆڤارورۆژنامە وبڵاۆکۆکی نوێتان بەرچاودەکەوێت، دوورنییە زۆربەتان ئەگەرهەرتەنیا ناوتان بیستبێت، ئەگەرنا نەتانبینیون.

کۆکردنەوە وئەرشیفکردنی ئەوهەموگۆڤارورۆژنامانە نەک تەنیا لەئەوروپا کۆکراونەتەوە، بەڵکو لەکەندا وئەمریکای باکوور وئوستڕالیا وسۆڤیەت وپاکستان وتورکیا وسوریاولوبنان وئێران و... تاد، لەخۆ دەگرێت. سەرجەمی ئەو وڵاتانەی ئەم هەموو گۆڤار ورۆژنامەوبڵاۆکانەی لێدەرچووە یان هەندێکیشیان تا ئێستا دەردەچن بەڵام کەمتر لەجاران، خۆی زێدەتر لە (٢٨) وڵات دەدات، کە بەهەر شێوەیەک بووبێت دانەیەک یان چەند دانەیەکم لێ وەدەستخستوون یان هەندێکیان تەنیا زانیاریم لەسەریان پەیدا

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کـردووه یان کـۆپی بەرگی یەکـەمی گـۆڤـار یان لاپەڕەی یەکـەمی ڕۆژنامەکەم بەدەستخستووە ونەرشیفم کردووە.

بێگومـان کـاری ڕۆژنامـەگـەریی کـوردیی لەهەندەران بەگـشـتی ونەرشـیفکردن بەتایبەتی کـارێکی ئەوەندە دژوار و سـەخـتـە، تەنیـا بەقـسـە خـۆشـە باسی لێـوە بکەیت، ئەگـەرنا لەپراکـتـیکدا سـەرئێشـە وپرۆبلێمی زۆری بەدواوەیە، ئەگـەر نەوتەنگژە وگرفـتـانە دامـودەزگای گەورەی دەوڵەتی بتوانن دەرەقەتی بێن، ئەگـەرنا کاری تاکەکـەس نین ودەرەقت هاتنیشی ئەستەمە.

هیـواخوازم ئەم کـتێبەنوێیەی بەردەستان جێگەی ڕەزامەندی بێت، ئەگـەر هەر ڕەخنە و پێشنیازێکتان هەبێ نیشانەی دەوڵەمەند کردنی بەرهەمـەکـانی ئایندەمـە لەبواری بزاڤی ڕۆژنامـەگـەریی کـوردیی لەهەندەراندا.

ئەودی شـایەنی گـوتنە ئەو بابەتانەی لە تـوێی لاپەڕەکـانی ئەم کـتێبـەدا دەیانخوێنەوە، سـەرباری پێشـتر بڵاوبوونەوەیان لەگـۆڤـار وڕۆژنامـەکان لەباشووری کـوردسـتاندا، بەڵام پێم باش بوو جارێکی دیکە بەدەسـتکارییێکی زۆرەوە لەلاپەڕەکـانی ئەم کـتـێـبـەدا دوبارە ببنەوە، خـــوازیارم تارادەیەک جـــێگەی بایەخی ڕۆژنامـــەنووس وئارەزوومەندانی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی بن.

■

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library